وەزارەتی کشتوکاڵی کوردستان هەناردەکردنی پەتاتەی خەماڵی بۆ وڵاتی ئیمارات راگەیاند



وەزارەتی کشتوکاڵی کوردستان هەناردەکردنی پەتاتەی خەماڵی بۆ وڵاتی ئیمارات راگەیاند.

بەیانی ئەمڕۆ دووشەممە (2023/8/7)، لە هەوڵێر مەراسیمی واژۆکردنی گرێبەستی هەناردەکردنی بڕی 5000 تەن پەتاتەی پیشەسازی لە نێوان وەبەرهێنەران و بازرگانانی بەروبوومی پەتاتە لە هەرێمی کوردستان و بازرگانانی وڵاتی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو بەڕێوچوو، بەئامادەبوونی ژمارەیەک لە وەبەرهێنەران و بازرگانانی بەرهەمی پەتاتە لە هەرێمی کوردستانی و ولاتی ئیمارات، هەروەها کونسوڵی گشتی ئیمارات لە کوردستان و لێو مەراسیمەدا لە پێنج کۆنتێنەردا بڕی 120 تەن پەتاتە هەناردەی ئیمارات کرا.